سەرکی یەکێتیی: پێویستە شایستە دارایییەکانی هەرێم لە ململانێکان دوربخرێتەوە

بافە جەلال تاڵەبانی، سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەباشان پێشوازیی لە یان برەم، کونسوڵی نوێی فڕۆنسا لە هەرێمی کوردستان کرد.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکی سەرکی یەکێتیی لەدیدارەکدا کە نزار ئامەدی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئامادەبوو، دوایین پێشهات و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی هەرێم و عیراق گفتوگۆیان لەبارەوەکرا و جەخت لە هەماهەنگی و هاریکاریی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان کرایەوە بە ئامانجی پاراستنی ئاشتی، سەقامگیری و رووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکان.

لەدرێژەی دیدارەکەدا سەرۆک بافە وێڕای پیرۆزبایی دەستبەکاربوون و دووپاتکردنەوەی پشتگیریی یەکێتی بە سەرخستنی ئەرکەکەی و پەرەپێدانی پێوەندییەکانی نێوان هەردوولا، هەوەستی یەکێتیی لەبارەی رووداو و گۆڕانکارییەکان رووونکردەوە و رایگەیاند، زاڵبوون بەسەر کێشەکان و کێتاییهێنان بە ناکۆکییەکان بەتایبەت کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، پێویستە بە گفتوگۆ، لێکتێگەیشتن و پابەندبوون بە دەستوورەوە، ئەمەش رێگا دروستکەیە و لەماوەی رابردوودا پێیەوەمان کردووە لەپێناو

بەدەستهێنانی شایستەداراییەکانی هەرەم و دووڕخستنەوەی ژیان و گوزەرانی خەڵک لە ململانێکانەوە.